National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێك لەبارەی:

# کەرتی سوتەمەنی لە گەرمیان

2020/3/1

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم:   راپۆرت |
| 3 | دەستپێک |
| 3 | سەرچاوەی سوتەمەنی لە گەرمیان |
| 4 | رێژەی بەکارهێنانی سوتەمەنی |
| 4 | کاریگەری نەبونی کۆگای سوتەمەنی لەگەمیان و هەوڵەکان لەو بارەیەوە |
| 5 | لە گەرمیان بەنزینخانەی بێمۆڵەت زیاترە لە مۆڵەتدار |
| 6 | ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتی قەزاکان دودڵن لە داخستنی بەنزینخانە نایاساییەکان |
| 7 | بەنزینێک کە گومانی لەسەرە بە ئاشکرا لە گەرمیان دەفرۆشرێت |
| 8 | ئەو نەوتەی بەگەڕۆک دەفرۆشرێت زۆرجار پشکنینی بۆ ناکرێت |
| 9 | چاودێریکردنی سوتەمەنی لە گەرمیان |
| 11 | خاوەنی بەنزینخانە و کارگەکان چی دەڵێن لەبارەی نرخ و کوالێتیەوە |
| 12 | سزای سەرپێچیکاران |
| 12 | رای شۆفێران لەسەر بەنزین و گازوایل |
| 13 | دابەشکردنی نەوتی سپی لە گەرمیان |
| 15 | هاوڵاتیان لە کوالێتی نەوت رازیی نین |
| 16 | کەمی و نەبونی فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان |
| 17 | قایمقامی کەلار خۆی لە قسەکردن دەبوێرێت |
| | بەشی دوەم |

| | |
|---|---|
| دەرەنجام و راسپاردەکان | 18 |
| بەشی سێیەم | |
| ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان | 21 |
| ناساندنی رادیۆی دەنگ | 22 |
| ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED | 23 |
| ناساندنی ناوچەی گەرمیان | 23 |
| ناساندنی ستاف و پەیوەندی | 24 |

## بەشی یەکەم: راپۆرت

**دەستپێک:**

پرسی سوتەمەنی لە گەرمیان لەگەڵ جێگیربونی نرخ و بونی سوتەمەنی پێویست چەند گرفتێکی ئاشکرای تێدادەبینرێت وەک کارکردنی ژمارەیەکی زۆر بەنزینخانەی نایاسایی و فرۆشتنی نەوتێک کە دەوترێت پشکنینی بۆ ناکرێت لەگەڵ فرۆشتنی سوتەمەنیەک بە ئاشکرا گومانی لەسەرە و دەوترێت قاچاخە، ئەمەش کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت لەسەر ئەم بابەتە کە لەم راپۆرتەدا بەوردی تیشک خراوەتە سەری، هاوکات لەبەر هەستیاری چەند لایەنێک ئامادەی پێدانی رونکردنەوە نین لەبارەیەوە.

### 1. سەرچاوەی سوتەمەنی لە گەرمیان

بە پێی بریارێکی ئەنجومەنی وەزیران پاڵپشتی کردنی حکومەت بۆ جۆرەکانی سوتەمەنی بەنزین، نەوتی سپی و گازوایل  بەدەر لە غازی شل لە کوردستان راگیراوە، بەم هۆیەشەوە ئەو جۆرە سوتەمەنیانە بەشێوەی بازرگانی دەفرۆشرێن.

#### ا) بەنزین، نەوتی سپی و گازوایل

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان لە بارەی سەرچاوەی ئەو سوتەمەنیانەی کە بەشێوەی بازرگانی دەفرۆشرێن ئاماژەی بەوەکرد بەنزین وگازوایل لە وڵاتی ئێرانەوە دێنە ناوچەکە بەشێوەیەک هەندێکی هی خودی ناوخۆی ئێرانە و هەندێکیشی بە ترانزێت لەو وڵاتەوە دێتە مەرزی پەروێزخان و لەوێوە داخلی هەرێم دەبن دوای ئەوەی لە بنکەیەکی تایبەتی ئێمە پشکنینان بۆ دەکرێت.

یادگار فەتاح، بەرێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، وتیشی: "سەرچاوەیەکی دیکەی سوتەمەنی خواروی عێراقە کە هەمو جۆرەکانی سوتەمەنی دێنە گەرمیان".

#### ب) گازی شل

لە گەرمیان ١٠ کارگەی پڕکردنی گازی شل بونی هەیە، بەوتەی بەرێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان سەرچاوەی سەرەکی گازی شل لە گەرمیان کەرکوکە بە رێژەی ٧٥٪ بۆ ٨٠٪ .

## 2. ڕێژەی بەکارهێنانی سوتەمەنی

لەگەرمیان کۆگای سوتەمەنی نیە بۆ ئەوەی ئەو سوتەمەنیەی لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخانەوە دێنە گەرمیان تێیدا هەڵبگیرێت و ڕێژەیەکەی دیاری کراو بێت، بۆ ئەو سوتەمەنیانەشی لە خواروی عێراقەوە دێن بەهەمان شێوەیە.

بەهۆی نەبونی کۆگاوە ئەو سوتەمەنیانەی داخل بە سنورەکە دەبن دەبرێنە سلێمانی بۆ کۆگاکردنیان دواتر لەوێوە بەپێی پێویستی بازرگانەکان دەیهێننەوە گەرمیان.

بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان ڕۆژانە بەنزیکەی ١٣٠هەزار لیتر بەنزین سەرف دەبێت و

گازوایل نزیکەی ١١٠ هەزار لیتر.

هاوکات ڕۆژانە نزیکەی ٤٥٠٠ بتڵ گازی شل لە گەرمیان خەرج دەکرێت، (یادگار فەتاح) دەڵێت: چەند زیاتریش پێویست بێت خواست لەسەری دەتوانین پڕی بکەینەوە.



ڕۆژانە لە گەرمیان ٤٥٠٠ بتڵ گازی شل بەکاردەهێندرێت




ڕۆژانە لە گەرمیان بڕی ١١٠ هەزار لیتر گازوایل بەکاردەهێندرێت



ڕۆژانە لە گەرمیان بڕی ١٣٠ هەزار لیتر بەنزین بەکاردەهێندرێت

## 3. کاریگەری نەبونی کۆگای سوتەمەنی لەگەمیان و هەوڵەکان لەو بارەیەوە

بونی کۆگای سوتەمەنی گرنگیەکی تایبەتی هەیە بەوەی کە لەکاتی هاتنە ئارای قۆناغیکی مەترسیدار کە سوتەمەنی کەم ببێتەوە یاخود گرفتێک بۆ هێنانی لە وڵاتانی دیکە بێتە پێشەوە، بەهۆی کۆگاکردنی کاریگەری مەترسیەکە بەڕادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە، تاوەکو گرفتەکە چارەسەر دەبێت.

یادگار فەتاح، باسی لەوە کرد گەروەترین کێشەی سوتەمەنی لە گەرمیان نەبونی کۆگایەکی ستانداردە بەسوتەمەنی، وتیشی هەوڵی دروستکردنیان داوە و ئێستا مۆڵەتی دروستکردنەکەی بۆ کۆمپانیایەک دەرچوە، بەڵام دروست نەکراوە.

ئەو کۆگایەی سوتەمەنی کە بڕیارە کە گەرمیان دروستبکرێت، توانای خەزنکردنی بڕی یەک ملیۆن لیتر سوتەمەنی هەیە بەهەمو جۆرەکانی: (نەوت، بەنزین، گازوایل...هتد).

هەروەک نەجم عبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی باڵای سوتەمەنی لە ئیدارەی گەرمیان، باسی لەوەکرد ڕێکارەکانی دروستکردنی کۆگای سوتەمەنی گەرمیان تەواو بوە بەم نزیکانە دەستدەکرێت بەدروستکردنی.

### 4. لە گەرمیان بەنزینخانەی بێمۆڵەت زیاترە لە مۆڵەتدار

لەگەرمیان ٥٠ بەنزینخانەی نایاسایی هەیە کە ژمارەکەی نزیکەی سێ هێندەی ژمارەی بەنزینخانە یاساییەکان و مۆڵەتدارەکانە کە ژمارەیان ١٨ بەنزیخانەیە.




یادگار فەتاح، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، دەڵێت سێ جار بەفەرمی نوسراوم بۆ ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکانی قەزای کەلار و کفری کردوە بۆ ئەوەی کاری ئەو بەنزیخانانە ڕێکبخرێنەوە یان دابخرێن، بەڵام تائێستا نەگەشتوینەتە ڕێکەوتن لەسەر ئەم پرسە.

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان ئەوەشی خستەڕو ئەمانە لە پێشوتردا ڕێگەیان پێدراوە و ئیتر هەر لایەنێک بێت ئێستا ئەو کەسانە بژێوی ژیانیان کەوتۆتە سەر ئەو ئیشە.

لە دوا هەنگاویش بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان داوای ئاماری بەنزینخانەکانی لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان کردوە. یادگار فەتاح، بۆ ئەمە وتی: "چاوەڕێ وەڵامی وەزارەتین ئامارەکەمان بۆ ناردون".

| ژمارەی بەنزینخانەکانی گەرمیان | بەنزینخانەی یاسایی و مۆڵەتپێدراو | بەنزینخانەی نایاسایی |
|---|---|---|
| ٦٨ | ١٨ | ٥٠ |

### 5. ئیدارەی گەرمیان و قیمقامیەتی قەزاکان دودڵن لە داخستنی بەنزینخانە نایاساییەکان

دەسەڵاتی داخستنی کابینەکانی بەنزینفرۆشەکان و نەهێشتنی فرۆشتنی بەنزین بەجلیکان لە دەسەڵاتی قائیمقامیەتەکان وبەڕێوبەری ناحیەکانە، بەڵام ئەوان تائێستا دودڵن لەم کارە.

قائیمقامی قەزای کفری، لەبارەی هەنگاوەکانیان بۆ ئەم گرفتە دەڵێت: چاوەڕێی بڕیارێکی گشتگیرین بۆ گەرمیان، ئەوکات دەست دەکەین بە لێپێچینەوە، ئەگەر بڕیارەکە لابردن بێت بێگومان سەرجەمیان لادەبەین.

جەلال شێخ نوری، قائیمقامی قەزای کفری ئاماژەی بەوەشکرد: ئاگاداری شۆفێر و هاوڵاتیانمان کردوەتەوە کە لەو کابینانە بەنزین و سوتەمەنی نەکڕن ئەگینا حکومەت بەرپرس نیە لە خراپی ئەو سوتەمەنیەی دەیکڕن.

ئیدارەی گەرمیان لە ماوەی رابردودا چەند کۆبونەوەیەکی بۆ ئەم مەبەستە سازداوە، بەڵام کۆتا بڕیاری دەرنەکردوە، لەوبارەیەوە وەک قایمقامی کفری دەڵێت: چاوەڕێی بڕیاری ئەوانن، کەواتە قسەی ئەوان چیە؟

سەرۆکی لیژنەی باڵای سوتەمەنی لە ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: لەبەر هەستیاری دۆخی سوتەمەنی نەمان توانیوە ئەو بەنزینخانانە دابخەین.

نەجم عبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی باڵای سوتەمەنی لە ئیدارەی گەرمیان، وتی: "لەماوەی چەند رۆژی رابردو لەبەر دەنگۆیەکی کەمبونەوەی سوتەمەنی کەسێک کوژرا لە کوردستان لەسەرەی بەنزین، ئەمە دەرخەری راستی هەستیاری دۆخی سوتەمەنیە لە کوردستان بەگشتی بۆ گەرمیانیش ئەمە راستە".

کەواتە ئیدارەی گەرمیان پلانی چیە بۆ رێکخستنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی بەنزینخانە لەگەرمیان؟

نەجم عبدوڵڵا، ئاماژەی بەوەکرد نوسراویان ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردوە بۆ ئەوەی بزانن داخستن یان رێکخستنەوەی ئەو بەنزینخانەنە کاریگەری نابێت لەسەر گرانبونی نرخی سوتەمەنی لەگەرمیان، دەشڵێت: "چاوەڕیی وەڵامی ئەوانیان".

## 6. بەنزینێک کە گومانی لەسەرە بە ئاشکرا لە گەرمیان دەفرۆشرێت

بەنزینی جلیکان بە ئاشکرا لە سەر شۆستە و شەقامەکانی قەزا و ناحیەکان گەرمیان دەفرۆشرێت، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانیش دەڵێت: ئەو بەنزینە هیچ پشنینێکی بۆ ناکرێت، ئەگەرچی ئاماژەکان دەڵێن قاچاخە، بەڵام ئاسایشی گەرمیانیش ئامادەی قسەکردن نیە لەسەری.

ئەوەی هەیە ئاماری فەرمی نیە بۆ ئەم جۆرەی فرۆشتنی بەنزین، بەڵام (یادگار فەتاح) دەڵێت: نزیکەی ٢٠ کەسێک دەبن کە ئەم کارە دەکەن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەی فەرمی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان وەریگرتوە، ئەو بەنزینە بەشی زۆری قاچاخەو رێگەپێنەدراوە.

بۆ ئەوەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، وەڵامی هۆکاری بە ئاشکرا فرۆشتنی سوتەمەنی قاچاخ لە گەرمیان بزانێت، پەیوەندی بە (عوسمان عەبدولکەریم)، وتەبێژی ئاسایشی گەرمیانەوە کرد، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبو رونکردنەوە بدات لەو بارەیەوە.

سەرۆکی لیژنەی باڵای سوتەمەنی لە ئیدارەی گەرمیان دەڵێت: بەنزینەکە قاچاخ نیە، ئەوەشی دەڵێت کەپسە راست ناکات، چونکە ئەو جلیکانانە کەپس نین.

کەواتە چۆن دڵنیان ئەم بەنزینە گرفتی نیە لە کاتێکدا بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان جەخت دەکاتەوە کە پشکنین بۆ ئەو بەنزینە ناکەن.

نەجم عەبدوڵڵا، وتی: "ئەو بەنزینە هەر ئەویە کە لە مەرزەکان و خواروی عێراقەوە دێت لەوێ بنکەی تایبەتمان هەیە بە پشکنیان".

ئەم قسانەی سەرۆکی لیژنەی باڵای سوتەمەنی لە کاتێکدایە بەنزین فرۆشی جلیکانەکان خۆشیان هێما بەوەدەکەن کە جلیکانەکان هەندێکیان کەپسن.

مالیک مەحمود، بەنزین فرۆشی گەرۆک لە بارەی هاوردە کردنی ئەو بەنزینەی کە دێت بۆیان و دەیفرۆشنەوە وتی: "ئەو بەنزینەی کە ئێمە ئەیکڕینەوە لە دو شوێنەوە دێت مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان و شارەزور لە سەیدسادقەوە دێت، بەکەپسی وبە فەلی ئەیهێنن".

باسیلەوەشکرد بەنزینەکەیان پشکنینی بۆ ناکرێت "لەسەر سەیارەکانی خۆمان تاقی دەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین شیاوە یان نا، ئەگەرچی هەندێک سەیارە بۆی نابێت".

وەڵامی یەکەی ئیداری قەزاکانیش ئەوەیە هاڵاتیان ئازادن لە کڕین و فرۆشتن بەو بەنزینەوە.

جەلال شێخ نوری، قائیمقامی قەزای کفری، دەڵێت: "ئەم جۆرە فرۆشتنی بەنزینە لە کفری کەمترە، بەڵام ئەمە جۆرێکە لە بەنزینی بازرگانی هاوڵاتی ئازادە لە کڕین و فرۆشتن پێوەی".

## 7. ئەو نەوتەی بەگەڕۆک دەفرۆشرێت زۆرجار پشکنینی بۆ ناکرێت

نەوتی سپی جگە لە بەردەوامی بەکارهێنانی رۆژانەی لە ماڵاندا لە وەرزی زستان یەکێکە لە پێداویستیە گرنگ و سەرەکیەکانی گەرمکردنەوە، بەڵام ئەو نەوتانەی بە گەرۆک دەفرۆشرێن پشکنینی بۆ ناکرێت.

ئاکۆ محەمەد حەسەن، نەوتفرۆشی گەرۆک لە شاری کەلار، دەڵێت: "ئەو نەوتەی کە ئەیفرۆشمەوە لە خواروی عێراق و ئێرانەوە دێت کە زۆرجار لە بارهەڵگرەکان ئەیکڕینەوە و پشکنینیان بۆ ناکرێت."

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەش بەنزینمان هەیە لە تەوێڵەوە بیارە بە قاچاخ دێتە ئێرە و ئێمە ئەیکڕینەوە لە عەدادەکانی بەنزینخانەکانی سەر جادەکان، بەڵام ئەو وێستگانەی کە مۆڵەت پێدراون دەڵێن پشکنین بۆ سوتەمەنیەکانمان دەکرێت.

ستار مەحمود عەبدولقادر، خاوەنی بەنزینخانەی وڵات لە کەلار، دەڵێت: "بەنزین لە بازرگانەکان ئەکڕینەوە و بۆمان دێنن لە خواروی عێراقەوە، لە سلێمانیشەوە بۆمان دێت".

وتیشی: پێشتر بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان دەهاتن پشکنیان بۆ دەکردین، بەڵام ئێستا نایەن، بۆیە خۆمان ئەیبەین و پشکنینی بۆ دەکەین.

## 8. چاودێری کردنی سوتەمەنی لە گەرمیان

لە گەرمیان سێ بنکەی پشکنین لە دەروازەکان هەیە، بەشێوەیەک لە مەرزی پەروێزخان بنکەیەک و لە گەڵ خواروی عێراق دو بنکە، پشکنینەکان لەسەر پێوەرەکانی عێراق دەکرێت کە دیاری کراوە بۆ جۆرە جیاوازەکانی سوتەمەنی.

یادگار فەتاح، لەبارەی کوالێتی ئامێرەکانی پشکنینی سوتەمەنی لە دەروازەکان و ناوەندی قەزاو ناحیەکان، جەختی کردوە کە ئامێرەکان زۆر پێشکەوتون، بەشێوەیەک کە ناتوانرێت هیچ فێڵێکی تێدابکرێت، چونکە داتاکان ئۆتۆماتیک دەپارێزێت و خەزنی دەکات.

بەهۆی نەبونی کۆگای تایبەت بە سوتەمەنی لە گەرمیان ئەو سوتەمەنیانەی لە دەروازەکانەوە داخلی گەرمیان دەبن لێرە ناهێڵدرێنەوە و دەبرێنە سلێمانی، دواتر بازرگانەکان بەپێی پێویستی گەرمیان سوتەمەنی دێننەوە سنورەکە.

### ا) چاودێری کردنی بەنزینخانەکان

بە وتەی بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، بەنزین و گازوایل پێش ئەوەی بەنزینخانەکان بەنزینەکەیان بکڕن، دەبێت لە بەڕێوبەرایەتیەکە پشکنینی بۆ بکرێت ئەگەر شیاو نەبو دەیگەڕێنینەوە.

لەبارەی پشکنین کردن بۆ بەنزینخانە بێمۆڵەتەکان، (یادگار فەتاح) ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر خۆیان بیهێنن پشکنینی بۆ دەکرێت ئەگینا نەخێر پشکنینی بۆ ناکرێت.

وتیشی: رۆژانە بەبەردەوامی پشکنین بۆ سەرجەم بەنزینخانەکان دەکەین ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە، پێشوتر بۆ بێمۆڵەتەکانیش پشکینمان دەکرد، بەڵام بەهۆی ماندوبونی ئامێرەکانمانەوە ئێستا پشکنینیان بۆ ناکەین وەک پێویست.

### ب) چاودێری کردنی کارگە و بریکارەکانی گازی شل

گازی شل بەشێوەی سەرەکی بەکاردێت بۆ ماڵان و چێشتخانەکان، لە گەرمیان ١٠ کارگەی گازی شل هەیە لەگەڵ ١٤٠ بریکار، نرخی بوتڵێک گازی شل ٧٥٠٠ دیناری عێراقیە و ئەم نرخە جێگیرە.

یادگار فەتاح، باس لەوەدەکات چەند خاڵێک هەن دەبێت کارگەکان و بریکارەکان پێوەی پابەندبن، ئەگینا توشی سزادەبن، ئەوانەش: فرۆشتنی بوتڵی ئێرانی کە لێرە قەدەغەیە، نەبەستنی سەمامە بۆ بوتڵەکان یاخود بونی کون لە بوتڵەکان لەگەڵ سوکی کێش.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: هاوڵاتیەک کە بوتڵێکی گازی شل دەکرێت و گرفتێکی هەیە، چۆن دەتوانێت ئێوە ئاگەدار بکاتەوە؟

یادگار فەتاح وتی: "لەهەمو گەرمیان ئەو ئۆتۆمبیلانەی بریاری گازی شل بەکۆڵانەکاندا دەگەڕێن تابلۆیەکیان پێوەیە کە هەم ژمارەی بریکارەکە و هەم ژمارەی ئێمەشی لەسەرە بۆ ئەوەی لە کاتی بونی گرفت راستەوخۆ هاوڵاتی ئێمە ئاگەدار بکاتەوە، بەدەر لەمەش ریزبەندیمان بۆ کردون ژمارەی زنجیرەکەش لەسەر تابلۆکە هەیە، خۆشمان لیژنەی گەڕۆکمان هەیە لە کۆڵانەکاندا".

وتیشی: "جاری واهەبو دەستمان بەسەر دەیان بوتڵ گازی شل گرتوە کە بەدەر لە رێنماییەکان بوە".

بونی کون لە بوتڵی گازی شل یەکێکە لەو گرفتانەی کە دواتر کارەساتی دڵتەزێنی بەدوادادێت، ئایا هەبوە لە گەرمیان ئەم حاڵەتە؟ (یادگار فەتاح) ئاماژەی بەوەکرد لە کاتی بونی وەک بەڕێوبەر تاوەکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیەیان تۆمارنەکردوە.




**خشتەی دابەشبونی کارگەکانی گازی شل لە گەرمیان**

## 9. خاوەنی بەنزینخانە و کارگەکان چی دەڵێن لەبارەی نرخ و کوالێتیەوە

خاوەنی بەنزینخانەیەک باس لەوەدەکات بەنزین لە سلێمانیەوە دەهێنن و نرخەکانیشیان پەیوەستە بە سلێمانیەوە.

فەریق عەبدولڕەحمان، خاوەنی بەنزینخانەی شێروانە لە قەزای کەلار دەڵێت: "ئەو بەنزینەی کە بۆمان دێت و ئەیهێنین لە سلێمانیەوەیە و ئەوانیش لە ئێرانەوە ئەیهێنن، لە لایەن لیژنەکانی بەرێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان لە مانگێکدا ٤ بۆ ٥ جار دێن، نمونەی بەنزینەکە دەبەن و پشکنینی بۆ دەکەن کە گونجاو نەبوبێت گەڕاندویانەتەوە."

وتیشی: نرخەکان جێگیرە بە پێی جۆری بەنزینەکەیە و دانانی نرخەکانیش لە دەسەڵاتی ئێمە نیە و لەگەڵ سلێمانیدایە.

لەبارەی چۆنیەتی پشکنین بۆ گازەی کارگەکەیان لە لایەن لیژنەکانی سوتەمەنیەوە سیامەند کەریم، خاوەنی کارگەی بوتڵی گازی شلی رزگاری لە کەلار، ئاماژەی بەوەکرد: "٢ بۆ ٣ رۆژ جارێک لیژنەکانی سوتەمەنی دێن پشکنین بۆ کارگەکە دەکەن، بەڵام لێرە پشکنین بۆ گازە شلەکە ناکرێت تەنها لە کەرکوک پشکنینی بۆ دەکرێت ئەوەش رەزامەندی عێراقی لەسەرە".

لە ماوەی رابردودا لە بەشێکی زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان گرفتی کەمی گازی شلی ماڵان سەری هەڵدا، بەڵام لە گەرمیان ئەم حاڵەتە روینەدا، یەکێک لە خاوەن کارگەکانی گەرمیان جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەمان هۆکار بون بۆ ئەوەی کە ئەو قەیرانە گەرمیان نەگرێتەوە.

سیامەند کەریم، وتی: "ئەو کاتەی قەیرانی گازی شل سەری هەڵدا ئێمە چوینە بەرێوبەرایەتی وتی لە دەسەڵاتی ئێمەدانیە، لە راستیشدا هەروابو، بەڵام ئێمە بەحوکمی ئەوەی شارەزاین لە کارەکە نەمانهێشت ئەمە لێرە روبدات ئەگینا لێرەش قەیرانەکە بەهەمان شێوەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبو".

کەواتە گرفتەکانی بەردەم کارگەکانی گازی شل لە گەرمیان چیە کە دێتە پێشیان؟ سیامەند کەریم وتی: "لایەنی پەیوەندیدار بۆ گرفتە قورسەکان زۆر هاوکارنین قسەی ئەوانیش کەمی دەسەڵاتیانە بۆ ئەو پرسانە، بەڵام کەچی بۆ هەندێک کێشەی بچوک کەدێتە پێشی ئێمە زۆرجار کارئاسانیمان بۆ ناکرێت کە ئەمەش ئاستەنگە بۆ کارەکانمان".

## 10. سزای سەرپێچیکاران

سزادانی سەرپێچیکاران چەند جۆرێکە و هەندێکجار دەگاتە داخستنی جێگاکە.

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، دەڵێت: "لەکاتی بونی سەرپێچی چەند جۆرێک سزامان هەیە، وەک: پێبژاردن، داخستن ئەگەر بەنزینەکەی نەشیاو بو ئەوکات ژمێرەرەکەی قوفڵ دەکەین.

یادگار فەتاح، دەشڵێت: لەماوەی ساڵی رابردودا (2019) ٢٠ حاڵەتی سزادانمان هەبوە کە ئەمەش ژمارەیەکی کەمە هۆکارەکەشی بونی چاودێری وردو بەردەوامە.

## 11. رای شۆفێران لەسەر بەنزین و گازوایل

شۆفێرێک باس لەوەدەکات خراپی کوالێتی بەنزین و گازوایل گرفتی بۆ دروست کردون بەشێوەیەک چەندجار بەوهۆیەوە ئۆتۆمبێلی پەکی کەوتوە.

سەنگەر محەمەد کەریم، شۆفێر سەبارە بە کوالێتی خراپی بەنزین دەڵێت: "هۆکاری سەرەکی سوتانی فیول پەمپی سەیارە خراپی کوالێتی بەنزینە". ئاماژە بەوەشدەکات: بەوهۆیەوە چەند جارێک فیول پەمپی ئۆتۆمبیلەکەی سوتاوە.

لە بەرامبەردا بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان جەختی کردوە کە ئەوە کۆن بوە و ئێستا ئەو حاڵەتانە زۆر کەمبون.

لە هەمان کاتدا، رێباز عاسی، شۆفێر وتی: "زۆر جار گازوایل لەگەڵ سوتەمەنیەکانی تر تێکەڵ ئەکەن وەک نەوت و ئاویشی تێدەکەن، هەندێک لە بەشەکانی بارهەڵگرەکانمان خراپ دەکات".

ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی نەبونی چاودێری توندی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەمە رودەدات.

تێکەڵکردنی سوتەمەنیەکان بە ئاو یاخود بەنزین بە نەوت و ئاو یان هەرجۆرە تێکەڵکردنێکی دیکە، یەکێکی ترە لەو گرفتانەی شۆفێران بەردەوام قسەی لەسەر دەکەن.

بەڕێوبەری نەوت وکانزاکانی گەرمیانیش باس لەوەدەکات بۆ رێگری لە تێکەڵکردن نەیان هێشتوە لە بەنزینخانەکان جۆرەکانی دیکەی سوتەمەنی بفرۆشن.

بەنزین دو جۆری هەیە جۆرێکی لە پاڵاوگەکان دروست دەکرێت جۆرێکی دیکەشی پترۆکیمیاییە.

یادگار فەتاح دڵنیایی دەدات کە بەتەوای کۆنترۆڵی گۆڕینی بەنزینیان کردوە: "لەگەرمیان بەهیچ شێوەیەک بەنزین ناگۆڕدرێت ئەوەی (محسن) بێت بە (محسنی) ئەفرۆشێت".

لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت فرۆشیاری بەنزین بەنزینی "موحەسەن"ی نەبێت، بەڵام بەوناوە بیفرۆشێت؟

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، وتی: بۆ رێگری لەم حاڵەتە بەنزینخانەکانمان ناچارکردوە کە ئەگەر بەنزینی موحەسەنی بو دەبێت لە وێسگەکەیدا لەسەر بینوسێت.

وتیشی: لەکاتی بونی گومانیش لەسەر ژمێرەی بەنزینخانەکان، ژمارەی بەڕێوبەرایەتی نوسراوە، هاوڵاتی دەتوانێت پەیوەندیمان پێوەبکات.

نرخی بەنزین جیاوازە لە بەنزینخانەیەک بۆ یەکێکی دیکە، بەهۆی ئەوەی کە بازرگانیە، هاوکات گۆڕینی خوێندنەوەی ژمێرەی وێسگەکانی سوتەمەنی یەکێکی دیکەیە لەو پرسانەی کە بەردەوامی قسەی لەسەر دەکرێت، بەشێوەیەک دەوترێت لە بەنزینخانە نایاسایەکان ئەم حاڵەتە زۆرە.

یادگار فەتاح، لە بارەی ئەم حاڵەتەوە دەڵێت: "نەوت و کانزاکانی گەرمیان کێلی تایبەتی هەیە لە بەنزینخانەیەک کە عەدادەکەی رێککرایەوە پێی قوفڵ دەکرێت دانەیەکی دیکەشی لای بەڕێوبەرایەتیە بۆ ئەوەی لەکاتی گۆڕینی کێلەکە پێی بزانین ئەو کێلانەش تایبەتن و لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا نین".

ئاماژەی بەوەشکرد: بەڵێ حاڵەت هەبوە کێلەکەیان گۆڕیوە و ئیجرائاتیشمان کردوە بۆ ئەو بابەتە.

## 12. دابەشکردنی نەوتی سپی لە گەرمیان

لە دوای ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی هەرێم نەوتی دابیننەکردوە بۆ دانیشتوانی هەرێم، ئەوەی کە هەیە ساڵانە بە بڕێکی دیاریکراو حکومەتی عێراق نەوتی سپی دابەشدەکات بەسەر هاوڵاتیانی هەرێم.

بۆ ئەوەی هەر خێزانێک بەرمیلێک نەوتی پێبدرێت هەرێم پێویستی بە ٢١٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپیە، بۆ ئەمساڵ بۆ هەمو هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر ناردنی ٥٠ ملیۆن لیتر درا لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە. لە کاتێکدا بەتەنها ئیدارەی گەرمیان پێویستی بە هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزار لیتر نەوتی سپی هەیە بۆ ئەوەی هەر خێزانێک لە ساڵێکدا یەک بەرمیل نەوتی سپی وەربگرێت.

بۆ ئەمساڵ یەک ملیۆن و شەسەدو دو هەزار لیتر نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیان دابەشکراوە کە بۆ هەر خێزانێک بڕی ٢١٦ لیتر نەوت دیاری کراوە، کە دەکاتە نزیکەی ١٨٪ واتە بۆ ئەمساڵ لە گەرمیان زیاتر لە ٨٠٪ خێزانەکان نەوتی سپیان وەرنەگرتوە.

ژمارەی ئەو خێزانانەی گەرمیان کە کارتی زیرەکی نەوتیان هەیە بە پێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان،

(39591) کارتی زیرەکی سوتەمەنی لە گەرمیان دروست کراوە بەردەوامیش ژمارەکە لە زیاد بوندایە.




**خشتەی ئاماری دابەشکردنی نەوتی سپی لە گەرمیان**

پشکی گەرمیان لەسەر پارێزگای سلێمانیە کە بۆ ئەمساڵ ١٠٪ بڕە نەوتی نێردراو بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ ئیدارەی گەرمیان دیاری کراوە.

یادگار فەتاح، لەبارەی وەستانی پرۆسەی دابەشکردنی نەوت بۆ ئەمساڵ وتی: "لە ئێستادا راگیراوە زانیاریشمان نیە کەی دەست بەدابەشکردنی دەکرێتەوە".

### ا) دابەشکردنی نەوت لە قەزای کفری

حەوت هەزار خێزانی قەزای کفری فۆرمی خۆراکیان سەر بەهەرێمە، واتە حەوت هەزار خێزان لەو قەزایە کارتی زیرەکی نەوتیان هەیە لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان.

جەلال شێخ نوری، قائیمقامی قەزای کفری لەبارەی رێژەی ئەو خێزانانەی کە سودمەندبون لە نەوتی سپی ئەمساڵ وتی: "٨ تەنکەر نەوت لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان بۆ کفری نێردراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "پشکی قەزای کفری بە ٧/١ دیاری کراوە لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان".




**خشتەی ئاماری دابەشکردنی نەوتی سپی لە قەزای کفری ساڵی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠**

## 13. هاوڵاتیان لە کوالێتی نەوت رازیی نین

دانیشتوانی گەرمیان بە رێژەی ١٨٪ بۆ ئەمساڵ نەوتیان بەسەردا دابەشکراوە و هاوڵاتیان باس لەوەش دەکەن کوالێتی ئەو نەوتە باش نیە کە لە بازاڕ دا هەیە.

نەسرین حەمەڕەشید، هاوڵاتی لە شاری کەلار، باسی لەوە کرد: "گلەییەکی زۆرم هەیە لە دابەشکردنی نەوت، ئەوا زستان تەواو ئەبێت دڵۆپێک نەوتمان وەرنەگرتوە، ئەبێت بچین بە نرخێکی زۆر گران بیکڕین".

ئەو باس لەوەشدەکات کە ئەو نەوتەشی دەیکڕن کوالێتی باش نیە و هەندێکجار نەوتیان کڕیوە کەوەکخۆی دەیڵێت ئاوی تێکەڵ کراوە، کە بوە بەهۆکاری خراپ بونی سۆپا و گەرمکەرەوەکانی دیکەیان.

وەرزی زستان بەرەو کۆتایی دەڕوات دابەشکردنی نەوت راگیراوە و ٨٢% خێزانەکان نەوتیان وەرنەگرتوە.

مەهابات محەمەد، هاوڵاتیەکی دیکەیە، لە بارەی پرۆسەی دابەشکردنی نەوت وتی: "وا زستان تەواو ئەبێت تاوەکو ئێستا یەک لیتر نەوتمان وەرنەگرتوە، لە کاتێدا خۆمان وا نوقم ئەبین لە نەوت و هیچ سودێکی نیە بۆ میللەت."

لەگەڵ ئەوەی پشکنین بۆ ئەو سوتەمەنیانە ناکرێت کە لە بازاڕ دا هەن، پزیشکێک ئاماژە بەوە دەکات پاشماوەی سوتەمەنیەکان مەترسی زۆری هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ.

د. هۆشمەند رەحمان، پسپۆری نەخۆشیەکانی هەناو و دڵ، لە بارەی کاریگەرییەکانی گازی سوتەمەنیەکان بە گشتی لە سەر تەندروستی مرۆڤ، دەڵێت: "کۆی گشتی سوتەمەنیەکان چ بەنزین بێت یاخود نەوت یان گازوایل کاریگەرییان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ژینگەش بەهەمان شێوە، ئەو دوکەڵەی کە لە ئۆتۆمبێل دێتە دەرەوە و لەگەڵ کارگەکان، کاریگەرییان هەیە لەسەر سیەکانی مرۆڤ بە تایبەت ئەو کەسانەی کە رەبۆیان هەیە و ئەو کەسانەی کە لە نزیک کارگە و ئەو شوێنانەی کە سوتەمەنیەکانی تێدایە."

وتیشی: بەپێی توێژینەوەکان لەسەر کاریگەرییەکانی پاشماوەی سوتەمەنیەکان بە گشتی دەبیتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە بەتایبەت شێرپەنجەی خوێن و پێست.

## 14. کەمی و نەبونی فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان

بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان کە ئیدارەی کەرتی سوتەمەنی ناوچەکە دەدات، سەرەتا بەڕێوبەرایەتی مەسحی جیۆلۆجی بوە، دواتر هەریەکە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی بەرهەمە نەوتیەکان و کۆنترۆڵی جۆری تێکەڵکران.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە کۆی گشتی فەرمانبەرانی ٥٥ فەرمانبەر کە بەم شێوەیەی لایخوارەوە دابەشبون:



بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان دەڵێت: ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە، چەندینجار داوای دامەزراندنی کارمەندمان کردوە ئەگەر بە گرێبەستیش بێت، بەڵام دانەنراوە بۆمان تەنانەت رێگە بە خۆبەخشیش نادەن.

کەمی فەرمانبەر لە بەڕێوبەرایەتیەکە وای کردوە لیژنەکانی گازی شل سێ فەرمانبەربن لە هەمو گەرمیان، و لیژنەکانی نەوت و بەنزین ٤ فەرمانبەر.

## 14. قایمقامی کەلار خۆی لە قسەکردن دەبوێرێت

یەکێک لەو لایەنانەی کە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە پرسی سوتەمەنیەوە هەیە، قایمقامیەتەکانن، بەڵام قایمقامیەتی کەلار بە پاساوی ئەوەی خودی قایمقام "کاتی نیە" ئامادە نەبون قسە بکەن.

ئەگەرچی یەکەکان زیاتر لە جارێک پەیوەندی بە قایمقامی کەلارەوە کرد، بەڵام سەرەنجام خۆی لە قسەکردن بوارد.

## بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: درەنجام

1. بواری سوتەمەنی لە بوارە گرنگەکانە، بەڵام ئەو رێوشوێنانەی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بوارە بە هەمو لایەنەکانیەوە هەیە لە گەرمیان، لە ئاستی ئەو گرنگیەدا نییە.

2. ناوچەکە لەروی ژێرخانی سوتەمەنی و پرۆژەی گەورە و ستراتیژیەوە کەموکورتیی زۆرە، بونی پاڵاوگە و کۆگا لەو هەنگاوە جیدییانەن کە پێویستە بنرێت، ئەگەرچی پرۆژەی دروستکردنی کۆگا دەستپێکردوە، بەڵام پێویستە بۆ داهاتو پرۆژەکە لەروی گرتنەخۆی بڕی سوتەمەنیەوە زیاتر بکرێت.

3. ژمارەیەکی زۆر بانزینخانە و وێستگەی سوتەمەنی هەیە کە نایاساییین، بەو مانایەی مۆڵەتی فەرمیان نیە، بەوپێیەش بنەماکانی بانزینخانەی مۆدێرن و یاساکانیان بەسەردا جێبەجێ نابێت و لەروی کوالێتی سوتەمەنی فرۆشراویشەوە گومانی زۆریان لەسەرە. لەمیانەی ئەم راپۆرتەوە ئەوەمان بۆ دێتە دەست کە لایەنە جێبەجێکارەکان بەتایبەتی ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکان، لەم روەوە کەمتەرخەمبون و ناتوانن یان نایانەوێت چارەسەری بنەڕەتی بکەن.

4. سوتەمەنی رێگەپێنەدراو و قاچاخ لە ناوچەکەدا بونی هەیە، بەلایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەدواداچونی ئەوتۆ و پێویستیان لەو رەوەوە نەکردوە.

5. بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان تارادەیەکی باش سەرکەوتو بوە لەکارەکانی لە چاودێریکردنی کەرتەکە و بەتایبەتی وێستگە یاسایی و مۆڵەتپێدراوەکان، هەروەک داتاکانیشیان بە شەفافیەت بڵاودەکەنەوە. ئەو کەکوکورتیانەشی کە هەیانە، گرێیدەدەنەوە بە کەمی ژمارەی ستاف و پێداویستیەوە.

6. نەوتی سپی ئەو جۆرانەی سوتەمەنیە کە زۆرترین کێشەی تێدایە، ئەویش بەزۆری بەوهۆیەوەیە کە حکومەت خۆی دابینی ناکات و بەرێگەی یاسایی و دروست نایاتە ناوچەکە، بۆیە هاوڵاتیان هەم لە نرخەکەی نیگەرانن، هەم لە کوالێتێکەی.

7. رێکاری پێویست بۆ وەرگرتنی سکاڵا و هەروەها بونی رەخنەی هاوڵاتیان دانراوە لە وێستگەکانی سوتەمەنی، لەرێگەی تەرخانکردنی ژمارە تەلەفۆنی تایبەتەوە کە هاوڵاتیان دەتوانن هەرکات هەستیان بە حاڵەتی نائاسایی یان سەرپێچی و کارێکی لە یاسا بەدەر کرد، پەیوەندیان پێوە بکەن.

8. ئیدارەی گەرمیان سەرکەوتو نەبوە لە دروستکردنی کۆدەنگی و ئیدارەدانی دەستەجەمعی دەزگاکانی پەیوەندیدار بە سوتەمەنی لەبارەی ئەو کێشانەی کە لەم بوارەدا هەیە، بەتایبەتی لەروی بونی وێستگە و بانزینخانەی نایاسایی، نەیتوانیوە هەماهەنگیەکی پێویست لەنێوان بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان و قایمقامیەتەکان دروست بکات بە ئامانجی گەیشتن بە دەرەنجامی کۆتایی، بەڵکو زۆرتر بابەتەکە بە دواخستن مامەڵەی لە تەکدا کراوە.

9. ژمارەی فەرمانبەرانی چاودێریکردنی بوارەکە سنوردارە، ئەمەش وادەکات بە تەواوی دەستیان بەسەر کۆنترۆڵکردنی دا نەشکێت.

10. ئامێر و پێداویستی بۆ پشکنینی سوتەمەنی لەبەردەستە، بەڵام ژمارەیان زۆر نییە و ئەمەش وادەکات لەپێناو ماندونەکردنی ئەو ئامێرانە و ترس لە خراپبونیان، هەمو جۆرە سوتەمەنیەکە بەتایبەتی هی ئەو وێستگانەی بێمۆڵەت و نایاساییین، پشکنینیان بۆ ئەنجام نەدرێت.

11. خۆبواردنی قایمقامی قەزای کەلار لە قسەکردن بۆ یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی لەم راپۆرتەدا، بە کارێکی نەگونجاو دەزانین و پێمانوایە دژە بە بنەماکانی شەفافیەت و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی و هەروەها پێدانی زانیاریی، هاوکات ناکۆکە بە پایەکانی حوکمڕانیەکی باش و شەفاف.

**دوەم: راسپاردەکان**

1. پێویستە حکومەت هانی کەرتی تایبەت بدات بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاریی بکەن لە بواری سوتەمەنی دا، بەوپێیەی ناوچەکە داهاتویەکی باشی لێچاوەڕێ دەکرێت لەبواری سامانی سروشتی و نەوت دا، هەربۆیە هاوشانی کارکردن لە ژێرخانی نەوت دا، پێویستە لە سەرخانی بونی کارگە و پاڵاوگە و پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لە بواری نەوت و پترۆکیمیایی دا کاری زیاتر بکرێت.

2. لە ئاستی گەرمیان دا لیژنەیەکی تۆکمە بۆ بواری سوتەمەنی پێکبهێنرێت، بەشێوەیەک زۆرترین دەزگای فەرمی لەخۆ بگرێت و بەشێوەیەکی دەوریی کۆبونەوە بکات و بڕیاری یەکلاکەرەوە "حاسم" لە پرسە جیاوازەکان بدات.

3. پرسی بانزینخانەی بێمۆڵەت و نایاسی چیتر دواخستن هەڵناگرێت، پێویستە دەزگا حکومیەکان لەئاستی بڕیاردان دابن، بۆ ئەم مەبەستەش کۆبونەوەی پێویست ئەنجام بدەن پێداچونەوە بکەن بەو بانزینخانانە، بەتایبەتی لەروی بونی مەرجەکانی سەلامەتی و هەروەها پشکنینی بەرهەمەکانیان.

4. پەرەی زیاتر بە پشکنینی سوتەمەنی بدرێت، ئەمیش لە رێگەی تەرخانکردنی کارمەند و فەرمانبەری زیاتر و هەروەها فەراهەمکردنی ئامێری پێشکەوتوی بواری پشکنینی سوتەمەنی.

5. دابینکردنی ئامێر و پێداویستیی تایبەت بە پشکنینی سوتەمەنی، یاخود زیادکردنی بودجەی تایبەت بەم بوارە و ئەنجامدانی پشکنینەکان لەرێگەی تاقیگەی تایبەتمەندی دەرەکیەوە.

6. دەزگاکانی ژینگە و تەندروستی و زانکۆ رابسپێردرێن کە بەدواداچون و لێکۆڵینەوەی زانستی و ورد بکەن لەبارەی مەترسی و کاریگەری و لێکەوتە ژینگەییەکانی سوتەمەنی و بۆ ئەم مەبەستەش داتای ورد و پێویست کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو داتایانە بڕیار لە گرتنەبەری رێوشوێن بکرێت.

7. لەکاتێکدا بەشێک لەو سوتەمەنیەی دێتە ناوچەکە بە قاچاخ دەزانرێت، کەچی هێزە ئەمنی و ئیدارییەکان هیچ رێوشوێنێک ناگرنەبەر، ئەمەش گومانی زۆر دروست دەکات، پێیوستە یەکە ئیدارییەکان بۆ بەرگرتن بەم حاڵەتە، بڕیاری یەکلا کەرەوە بدەن.

## بەشی سێیەم: ناساندن

1. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

❊ ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

❊ کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

* بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 2. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد،

بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 3. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی
2. زریان محەمەد
3. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org